## کرۆنۆبێرگ ڤاردڤال – ئەو شوێنەی کە هاووڵاتیەکان، ناوەندی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی خۆیان هەڵدەبژێرن.

لە گەڵاڵەی ڤاردڤال کرۆنۆبێرگ دا دانیشتوانی نێو سنووری شارەوانی کرۆنۆبێرگ دەتوانن ناوەندی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی خۆیان هەڵبژێرن. ئێوە دەتوانن ناوەندێکی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی کە لەگەڵ ئیجبارات و پێویستییەکانی تاکەکەسی ئێوەدا رێدەکەوێت هەڵبژێرن. بۆ هەموو هاوڵاتیەک ئەو ناوەندەی چاوەدێری تەندروستی خۆجێی کە دەیهەوێت، بۆی لەبەرچاو دەگیردرێت و ناوەندەکانی تەندروستی ئەرکدارن کە بەپێی رێژەی ئەو هاوولاتیانەی کە ئەو ناوەندە تایبەتەیان هەڵبژاردووە، چالاکیەکانی خۆیان رێکخەن.

**چۆن هەڵدەبژێرن؟**
ئێوە دەتوانن هەرکاتێ کە ویستتان ناوەندی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی خۆتان هەڵبژێرن و ئەگەر لە هەڵبژاردنەکەی خۆتان رازی نین، ئێوە ئازادن کە ناوەندێکی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی نوێ هەڵبژێرن. ئێوە دەتوانن بە دابەزاندن و پرکردنەوەی فۆرمی داواکاریی لە لاپەڕەی ئێنیوماڵی ماڵپەڕی شارەوانی بە ناونیشانی: www.1tkronoberg.se/vardval، یان دەستەبەرکردنی فۆرمەکە بە سەردان و چوون بۆ یەکێ لە ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی یان سفارشت کردنی بۆ ناوەندی چاوەدێری تەندروستی خۆجێی (تەلەفۆن: 60 96 58 0470) هەڵبژاردنی خۆتان بە شێوەی نووسراوەیی جێبەجێ بکەن. ئەگەر ئێوە لە ناوەندەکانی تەندروستی خۆجێی تەرخانکراو بۆ ئێوە لە باری جۆگرافیاییەوە، بەتەواوەتی رازین، پێویست بە ناردنی فۆرمی داواکاریی ناوەندی چاوەدێری تەندروستی خۆجێی نیە.

**چوار خاڵی سەرەکی**
گەڵاڵەی هەڵبژاردنی ناوەندی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی کرۆنۆبێرگ لە سەر بناخەی چوار خاڵی سەرەکییە.

- ئازادی هەڵبژاردن – بۆ هاوولاتیەکان دەرفەتی ئەو ئیمکانەی دەرخسێنێت تاکو ناوەندێکی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی کە پێویستیەکانی سەرەتایی تاکەکەسی ئەوان وەک خزمەتکاریی بۆ نەخۆشەکان لەدەرەوەی ناوەندی دەرمانکردن و خزمەتکاریی تەندروستی و پزیشکی بە باشترین شێوە دابین دەکات، هەڵبژێرن. ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێیی دەبێ هەموو نەخۆشێک وەرگرن و سەرچاوە و خزمەتکاریەکانی خۆیان بە پێی ئەوە رێکخەن.
- لەبەردەستدابوون – پەیوەندی کردن بە خزمەتکاریەکانی چاوەدێریی تەندروستی ساکارتر دەبێت. ئامانج، دەستەبەرکردنی ئاستێکی لەبەردەستدابوونە کە چاکتر بێت لە لانیکەمی پێناسەکراو لە گەرەنتی چاوەدێریەکانی تەندروستی. هەروەها لەبەردەستدابوون بەو واتایە کە وەرگرتنی کات لە پێشتردا هاسانتر بووە و یان ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی کاتژمێری کردنەوەی چاکتریان بە گوێرەی ئەوەی کە تا ئێستا پێشکەش کراوە، هەبێت.
- جۆراوجۆری – یەکێ لە ئامانجەکان ئەوەیە کە هاوولاتیەکان دەبێت بتوانن رێژەیەکی زۆرتر لەوەی کە تا ئێستا دەیانتوانی هەڵیانبژێرن، هەبێت.
- قازانجی ئابووریی – سیستەمەکە دەبێت بەجۆرێ گەڵاڵە بکرێت کە بە ئێمە رێگە بدات بۆ باشتربوونی قازانجی ئابووریی.

**ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێیی پەسندکراو**
ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی هەڵکەوتوو لە ڤاردڤال کرۆنۆبێرگ پێویستیان بە پەسندکردن لەلایەن شۆرای بەشی کرۆنۆبێرگەوە هەیە. بۆ پەسندکردن، ئەوان پێویستیان بە مسۆگەرکردنی پێویستیەکانی سەرەکی شرۆڤەکراو لەلایەن شۆرای بەشەکەوە هەیە کە بریتیە لە خزمەتکاریەکانی سەرەتایی تەندروستی و پزیشکی، خزمەتکاریی راوێژکاریی، بەرگیری کردن، بەخێوکردنەوە، چاوەدێریەکانی تەندروستی منداڵان و پسپۆڕایەتی دەروونناسانە. ئەوان هەروەها دەبێ لە یاساکانی چاوەدێریی تەندروستی و پزیشکی پێڕەوی بکەن، ئاستی بەرزبوونی کاری خۆیان بپارێزن و خزمەتکاریەکانی چاوەدێری تەندروستی بە چۆنیەتی بەرزەوە پێشکەش بکەن. ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی لە رووی نیشانەی ڤاردڤال کرۆنۆبێرگ بە هاسانی دەکرێ بناسرێن.

**پسپۆڕایەتی**

هەموو کارگێڕەکانی چاوەدێری تەندروستی و پزیشکی دەبێ خاوەنی تۆماری ئیجباری وڵات، مۆڵەت و پسپۆڕی بن. 75% یان زۆرتر، لە پسپۆڕەکانی ناوەندەکانی چاوەدێری تەندروستی خۆجێی دەبێ پزیشکی گشتی و لانیکەم 50% لە سستەرەکان دەبێ سستەری فێرکراوی ناوچەکە بن.

**سەرچاوە ماڵییەکانی پزیشکی و چاوەدێریی تەندروستی**

وەکو بەشێک لە ڕەوتی هەڵبژاردنی چاوەدێریەکانی تەندروستی، هەموو ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی، بەپێی ڕێژەی ئەو نەخۆشانەی کە ئەو ناوەندە هەڵدەبژێرن لە شۆرای بەشەکە یارمەتی ماڵیی بۆ مسۆگەرکردنی خەرجییەکان وەردەگرن. ئەم یارمەتییە کە بە ناوی سەرچاوە ماڵیەکانی پزیشکی و چاوەدێریی تەندروستیش دەناسرێت، بە گوێرەی تەمەنی هاووڵاتییەکە لە گۆڕان دایە. نەخۆشەکان لە هەموو ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێیی کە دەکەونە بەر گەلاڵەی هەڵبژاردنی ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی کرۆنۆبێرگ ڤاردڤال، خەرجیی بەرابەر دەدەن. ئەم یاسایە هەروەها بۆ کارتەکانی زۆرینەی پارەپێدان بۆ چاوەدێریی تەندروستی و کارتەکانی بەخۆڕایی چاوەدێریی تەندروستی، بەکار دێت.

**بەدواداچوون**

شۆرای بەشەکە بۆ دڵنیابوون لە پێڕەوی کردنی هەموو ناوەندەکانی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی لە فەرمانەکاریەکان و پێویستییە پێناسەکراوەکان، لەسەر هەموو چالاکیەکان چاوەدێری دەکات. ئەگەر هەرکام لەم ناوەندانەی چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی لە پێڕەوی کردنی ئەم پێویستیانەدا سەرنەکەوێت، شۆرای بەشەکە سەرچاوە ماڵییەکانی پزیشکی و چاوەدێریی تەندروستی ئەوانە کەم دەکاتەوە.

*نیشانەی پێشاندەری ناوەندێکی* چاوەدێریی تەندروستی خۆجێی شارەوانی کرۆنۆبێرگ